# دەسەڵاتی کوردی و ترس لە ڕەخنە

## مەجید دڵنیا

**لەگەڵ ڕایەکەتدانیم بەڵام ئامادەم ژیانی خۆم بەخت بکەم لەپێناوی**
**ئەوەدا، کەمافی دەربڕێنت بۆ دەستەبەربکەم.....ڤۆلتێر**

سروشتی دەسەڵات هەمیشە سڵکردنە لە ڕەخنە ،لە ئازادی.لینین دەڵێ(هەموو حیزب وڕێکخراوێک ئەوکاتەی لە قۆناغی شۆڕشدان،دیموکراتیترن وەک لەوکاتەی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن).بەسەرنج لەو شۆڕش وڕاپەڕینانەی لە مێژوودا ڕوویانداوە،بەدروشمی ئازادیی ودیموکراتی ومافی چارەنووس ونەهێشتنی زوڵم وزۆر و دەیان دروشمی تر ، ئاگری ئەو شۆڕشانە بەرپاکراوون وهەزاران خەڵک لەو پێناوەدا بوونەتە قووربانی.لەڕوانگەی ئەو وتەیەوە گەر سەرنجێ لە دەسەڵاتی کوردی بدەین،ڕاستی ئەو قسەیەمان بۆ دەردەکەوێت.

دەسەڵاتی کوردیی لەدەورانی 14ساڵەی تەمەنی خۆییدا،بەپراکتیک ئەوەی سەلماند کە،دەسەڵات لە خۆی زیاتر بەکەس ڕەوانابینێت وهەموو شتێکیش دەکات بۆ مانەوەی ماشێنی دەسەڵات ، لەدەستی خۆیداوئامادەشە بۆ مەیسەرکردنی مەرامەکانی خۆی ، هەموو ڕێگەیەکی ناشارستانی و نادیموکراتی بگرێتەبەر.

خەڵکێکی زۆریش هەن ، بەشێوەیەکی زۆر تایبەت لە سروشتی دەسەڵات وحیزب و سەرکردە دەڕوانن.ئەوان پێیان وایە حیزب و سەرکردە کاریزماکانی ئەوان هەرگیز هەڵە ناکەن و شایانی هەڵە نین،ئەمە لە کاتێکدا بەپێی وتەکانی قورئان پێغەمبەران کە هەڵبژێردراوی خوان، بێ گوناهنین و شایانی هەڵەن.ئەم تێڕوانینە وەک کردەیەکی پاسیڤ لەڕۆژهەڵات و وڵاتە دواکەوتووەکاندا،نەخشی خۆی لە زیهنی تاکەکانیدا جێهێشتووە.

ئەمان بەحوکمی مێژووی 14ساڵەیان وجێ بەجێ کردنی پرەنسیپەکانی دوور لە دیموکراتییەت ومێژوویەک لە ناعەدالەتی وقۆرخکردنی دەسەڵات...هتد،پێش بەهەر جۆرە ناڕەزایەتییەک وخۆپیشاندانێک دەگرن ،گەر خۆیان لە پشتیەوە نەبن!

بەهۆی ئەوەی مێژووی کارنامەکانیان لە شوشەن،لەبەردی هەر ڕەخنەیەک دەترسن کە ئاڕاستەیان بکرێت.

سەیرەکە لەوەدایە گەر هەرکەس ولایەنێک تیری ڕەخنەی توندی ، ئاڕاستەی کردەوە گەندەڵ و دژی ئینسانییەکان وبێمافییەکانی ئەمانە بکات و مێژوویان بخاتە ژێر تیشکی ڕەخنەو سەرنجەوە،ئەمان ئەمە بە ئەوپەڕی سوکایەتی، بەخەبات وپێشمەرگەو سەرکردەو خوێنی شەهیدانیان دەزانن.دەیان تۆمەتی وەک: بەکرێگیراوی ئەملاولا،تابووری پێنج،کۆنەبەعسی،کۆنە چەپ وکۆمۆنیست ودۆڕاوو چەندین تۆمەتی نابەجێیتر، بۆ ناوزڕاندن دەدەنە پاڵت.ئەمان دەیانەوێت،تاسەر لەتەڕ بخۆن ولە وشک بنوون و کەسیش نەڵێ بەری چاوانتان دوو برۆیە.ئەمان بۆ دەمکوتی نەیارەکانیان ،پەنا بۆ هەموو کون و کەلەبەرێک و هەموو چەکێک دەبەن.ئەوەی لێرە وەک نموونە دەمەوێ بێمەسەری پاڵتاڵکە.

پاڵتاڵک وەک سەکۆیەک بۆ ئازادیی ڕادەربڕین ،بەرەنجامی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیاو ئینتەرنێتە ودەلاقەیەکی ترە، بۆ ئازادیی قسەکردن وبیروبۆچوون و شکاندنی ئەو دیواری تەلیسمەیە لەسەر بابەتە قەدەغەکراوەکان، حەرامکراوەکان وشتە پیرۆزەکانی کۆمەڵگە.
ژوورە کوردییەکان لە پاڵتاڵکدا، زۆر کات لەسەر مەسەلە هەستیارەکان و هەنووکەییەکان بابەتیان گەرمە.یەکێک لە ئاکامە خراپەکانی ئەو ژوورانە ئەوەیە زۆر کەس وزۆرجار پەنا دەبەنە بەر موهاتەرات وجنێودان وناوزڕاندن و سوکایەتی کردن.
لەم کاتەدا قسەوباس لەسەر بەڕێز د.کەمالی سەید قادر گەرمە،کە پارتی دەستگیری کردووە.
بەبڕوای من لێرەدا،کارەکە هێندەی قسە کردنە لەسەر ئازادیی سیاسیی و بەرتەسک کردنەوەی ئەو ئازادییە، هێندە قسەکردن نییە، بەتەنیا لەسەر گرتنی د.کەمال.ئەم کێشەیە هێندەی لەسەر سایتەکانی ئینتەرنێت و ژوورەکانی پاڵتاڵکەوە جێی
قسەوباسە ،نیو هێندەو بگرە کەمتریش لەناوخۆی باشووری کوردستان و سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، جێی بایەخ نییە.نەک ئەوە بگرە هێندەی ئەو کێشەیە لەلایەن نووسەران و خەمخۆرانی ئازادیی لە دەرەوەی وڵات، وروژێنراوە و مایەی قسە لەسەرکردن وشرۆڤەکردنە، بەکەمی نەبێ لەناوخۆی وڵاتەوە نوزەیەک نییە.
ئەمە نیشانەی ئەوەیە، ئەو بانگەشانەی بۆ ئازادی دەکرێن ،لەهۆیەکانی
ڕاگەیاندنی حیزبە دەسڵاتدارەکانەوە وئەو هەواڵانەی لە کوردستانەوە دەگەن ،جگە لە دەستنانە گەردنی ئەو ترووسکە ئازادییەی کەهەیە شتێکی تر نین.لە کۆمەڵگایەکدا بچوکترین ڕەخنە لە دەسەڵات ،بەرەنجامەکەی دەرکردن ، نانبڕاوکردن ،داخستن ،ڕیسواکردن ،تۆمەتدانەپاڵ وبێ سەروشوێن کردن بێت ،هەرگیز ناکرێ قسە لەئازادی وکۆمەڵگەی مەدەنی بکەین.
لەم پێوەندەدا ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە، خەڵکانێک کەدەیان ساڵی تەمەنیان لە ئەورووپا ولەناو ئەو کەشوهەوای تۆلێرانسە بەسەر بردووە،کەچی دوو وشە لەمانای ئازادیی ودیموکراتی فێرنەبوون.سوودێکیان لەو هەموو پێکەوە ژیان وگیانی لێبووردەیی ویەکتر قبووڵکردنە وەرنەگرتووە.دوو وانە لەوهەموو دیمەنانەی حیزب ودەسەڵات وحکومەتەکانی ئەو وڵاتانەی لێیدەژین فێرنەبوون و کارێکی نەکردەسەر مۆراڵ و بۆچوون وتێڕوانیی‌یان بۆ ژیان و حیزبایەتی و دەسەڵات.لەئەورووپاو لە ژوورەکانی پاڵتاڵکەوە بە هەمان عەقڵیەتی جارانەوە، جاڕی تیرۆرو دەمکوتکردنی هەر کەسێک دەدەن کە قسە لەسەر شتە پیرۆزەکانی ئەوان بکات.ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە، تاکی ڕۆژهەڵاتی زۆر بەدەگمەن شتە پۆزەتیڤەکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی پێ قووت دەچێت.تاوانیش ئەوەیە ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا پەروەردەبووین، تژییە لە توندوتیژی وبگرە سەرچاوەشیەتی .ڕەنگە هەر ئەمەش وای لەکەسێکی وەک ئەدلەر کردووە کە بڵێت(ڕۆژهەڵات کارگەیەکە بۆ تێکدانی مرۆڤەکان).
لای ئێمە وەک چۆن خواو پێغەمبەروئیسلام ،کۆمەڵێک چەمکی موقەدەسن ڕەخنەگرتن لێیان بەحوکمی ئیسلام سزای دۆزەخە، ئاواش (حیزب وسەرکردەوبنەماڵەو خێڵ)ی دەسەڵاتدار،

کۆمەڵێک چەمکی بەپیرۆزکراوون ،بۆ کەس نییە ئەو پیرۆزییانە ببەزێنێت!هەرجۆرە بەزاندنێک هێڵی سوورەو سزای قورسە.
هێڵی سوور ورەخنەنەگرتن لە حیزب و سەرکردەی کاریزماو دەسلات ،ئەمانە ڕێ بۆ بنەماکانی بە دیکتاتۆریەت بوون دەخولقێنن.بەپیرۆز ڕاگرتنی حیزب و سەرکردە بەرەو ئاقاری خراپ پەلکێشمان دەکات.هیچ جۆرە پاساوێک بۆ خۆسەپاندنی مێردەزمە ئاسای حوکم و دەسەڵات نییە.خەسڵەتی سەرکردەی حیزبی کوردی خەسڵەتێکی دیکتاتۆرییانەیە،سکرتێری حیزب تا تەواو پیر نەبێت واز لە سکرتێری ناهێنێت.
دیارە کەس لاری لەوەنییە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، خاوەنی مێژوویەکن لە خەبات و قوربانی، بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە ،تاماوان دەبێ هەر ئەوان سەرکردەودەسەڵاتدار بن و هەرچییەکیان بوێ بیکەن و ڕێ بە هیچ حیزبێکی تر نەدەن شان لە شانیان بدات،هەر ئەوان سەرچاوەی دارایی بن و تەواوی خەڵک وحیزبەکانی تر ،چاو لەدەستی ئەوان بن و لەئاستی هەموو کردەوە خراپ و گەندەڵەکانیاندا، کەس نەوێرێ هیچ بڵێ?بەئارەزووی خۆیان یاری بە موقەدەراتی خەڵک بکەن ،ئەوان شاهانە بژین و خەڵک برسی و بێ ئاوو کارەبا ،کەسیش نەوێرێ ورتەی لێوە بێ وبڵێ بۆ
هەموو شتێک بۆ ئێوە هەیە وبۆ ئێمەش هیچ و لەو لاشەوە بەگوللە وەڵام بدرێنەوە یا زۆر نا مرۆڤانە ڕاپێچی زیندانەکانیان بکرێن.!وەک ئەوەی ئەمان شۆڕش و کوردایەتییان بۆ ئەوە کردبێت تا منەت بەسەر خەڵکیدا بکەن و لەبەرامبەر هەر ڕەخنەو نارەزایەتییەکدا ئەوان ژمارەی ئەدیداسە دڕاوەکانی شاخمان بۆ بژمێرن ،ئەمە لە کاتێکدایە زۆر لەو دەبابەشکێن و سیمبوڵی بە ناو شۆڕشانە دوای ڕووخانی سەدام، خاوەنی فایل و بەکرێگیراوی بەعس دەرچوون.باشە ئەگەر سبەی مەلەفەکانی سوریاو ئێران وتورکیا ئاشکرا بکرێن دەبێ کێیان بەسەلامەت دەرچن?
مادام ئەو حیزبانە دەسەڵاتیان بەدەستە، دەبێ بڕوایان بەو لۆژیکە هەبێ، کە دەسەڵات لەهەر کوێ بێت، گەندەڵیش لەوێیە.ئەمە جگەلەوەی هیچ شتێک ڕەها نییە و هەموو شتێک شایانی قسەلەسەرکردن ورەخنە لێگرتنە،بەم پێوەرە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانیش لەم پرەنسیپە بەدەرنین.سەدام کاتێک خۆی بینی خەڵکی عێراق چۆن هوتافی بۆ دەکێشن وچەپڵەی بۆ لێدەدەن بوغرابوو، سەرەنجام کارەساتی لە عێراقدا خولقاند.قەبووڵ نەکردنی ڕەخنە لە سەرکردە و حیزبە کوردیەکان و بە پیرۆزدانانیان، لەوکارانەن سەرنجام کارساتیان لێدەکەوێتەوە و داهاتووش تەنیا خەڵک باجەکەی دەدات.کوردیش وەک میللەتێکی بەشخوراو وتینوو بۆ ئازادی بۆ ئەوە شۆڕشی نەکردووە دیکتاتۆرێک بگۆڕێت بە دکیتاتۆرێکی تر.وەک چۆن چەوساندنەوە هەر چەوساندنەوەیە لەهەر کوێیەک بێت ،ئاواش دیکتاتۆرییەت هەر دیکتاتۆرییەتە و خاوەنی هەمان خەسڵەت و بنەمایە، جا چ دیکتاتۆرێکی عەرەبی بێت یا کوردی!
ئەم خاسیەت و سیمایانە بەداخەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستانەوە لە نەشونمادان.

ئەوان تەنیا بەوەندەوە نەوەستاوون کە ،لە ناوەوەی وڵات سانسۆریان لەسەر هێڵە سوورەکان دانابێت،بەڵکو لە ژوورەکانی پاڵتاکیشدا،لە ناوەوەو دەرەوە خەڵکانی خۆیان ڕاسپاردووە بەهەموو جۆرێک چاودێری ئەو کەسانە بکەن کە، لەو ژوورانەدا پەردە لەسەر کردەوە گەندەڵەکانی ئەوان هەڵئەدەنەوە.تەهدید بۆ خەڵک دەنێرن بەوەی کەس بۆی نییە لە سەرکردەی کاریزمای ئەوان ڕەخنە بگرێت،داوای ناوو ئەدرەسیان لێدەکرێت، هەڕەشەی گەڕانەوە لە خەڵک دەکەن و کار بەوە گەیشتووە دەنگی قسەکەرەکانیش تۆماربکەن!

ئەم کارانە پۆلیسین و کۆمەڵێک کردەوەن بەحەق مایەی نیگەرانین بۆ هەر حیزبێک قسە لە دیموکراتی بکات وخۆشی هەڵگری ئەو ناوە بێت و بەقەولی سەرکردەکانیشی نیو سەدەیە خەبات دژی دیکتاتۆریەت دەکەن و بۆ ئازادی و دیموکراتیش قوربانی زۆریان دابێت!

سەیرە دەسەڵات هیچ جۆرە ڕەخنەیەکی پێ قبوڵ نەکرێت و هەر جۆرە ڕەخنەیەک وەک هەوڵی ڕوخانی دەسەڵات چاولێبکات.لە کاتێکدا پێموانییە هیچ کەسێک کە ڕەخنە لە دەسەڵاتی کوردی دەگرێ ،مەبەستی ڕووخان وتێکدانی ئەو دەسەڵات وبارودۆخە بێت کەهەیە، بەقەد ئەوەی مەبەستیان خزمەتکردن وڕێزگرتنی زیاتروچەسپاندنی یاساو بەرقەرارکردنی ئازادی سیاسییە.بەڕاستی مایەی تێڕامانە

دەسەڵاتدار هێندە لە ئازادی بترسێت تەنانەت لە ژوورێکی پاڵتاڵکیشدا ،ئەوە بەکەس ڕەوا نەبینێت، بە ئازادی خۆی قسە لەسەر گەندەڵی و کردەوە خراپەکانی ئەوان بکات. ئەمانە کەرتە لەتێکی کوردستانیان بەدەستە دەمی خەڵک دادەخەن، باشە گەر هەموو کوردستانیان کەوتە ژێر دەست و بوون بەخاوەنی فڕۆکەو تانک چی دەکەن?

بۆیە گەر ئێوە قسە لە یاسا دەکەن، دەبێ بۆهەمووان وەک یەک بێت،ئەوەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە، پێچەوانەی ئەوەیەو یاسای بانێک و دوو هەوایە! گەندەڵی ونادادی کۆمەڵایەتی لە لوتکەدایە!دەسەڵات گەر بەخۆیدا نەچێتەوە تاسەر ئەو گۆمی بێدەنگییە وا نامێنێتەوە، ئەو ئاماژانە خەریکە هەست پێدەکرێت..بۆیە دەبێ دەسەڵاتدارانی کوردستان ئەوە باش بزانن کە ،ئەوەی لەماوەی 35ساڵدا بە سەدام کرا،هەرگیز بەوان ناکرێت،ڕۆژگاری ئەمڕۆش ئەوە لەوان قبوڵ ناکات.بینینی سەدامیش لە قەفەسی تاوانباریدا ،هەقە بۆیان مایەی هەڵوێستە بێت.

بەرتەسکک کردنەوەی ئازادییە سیاسیەکان ، داخستنی دەمی نووسەران ، تەهدیدکردنیان، ڕێگە گرتن لە کۆڕو کۆبوونەوە، خۆپیشاندان ،ئازادی ڕادەربڕین ،داخستنی ڕۆژنامە،گۆڤار، ئەم حیزب و ئەو حیزب، چ بەرەنجامێکی نابێت، جگە لەناشیرین تر بوونی خاوەنەکانی نەبێت!

لێرەوە پێویستە تێڕوانینمان بۆ دەسەڵات و حیزب لەو ڕوانگەیەوە بێت،کام حیزب و حکومەت باشترین خزمەت وزۆرترین بووار بۆ ئازادی سیاسی دەڕەخسێنێت،ببنە بنەمای تێڕوانین و کارکردنمان.